# ژنانی ئەنفال وقوربانیەکی نەبڕاوە

بەیان حەمە تاهیر

نامەوێ جارێکی تربگەرێمەوە بۆمێژووی ئەنفال وئەنفالکردنی کورد،چونکە لەماوەی نۆزدە ساڵی رابردوودا زۆری لەسەر نوسراوە،لێرە بەدوا ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکرێت قوربانیانی دوای ئەو کارەساتەیە کەچینێکیان لەم میللەتە پێکهێناوەو ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیان وەرگرتووە بەقوربانیانی دوای ئەنفال یان بەپاشماوەی ئەنفال ناسراون،ئەم بابەتە لەزۆر ڕووەوە زۆر هەڵدەگرێت قسەی لەسەربکرێت ئەوەی من لێرەدا ئەمەوێ قسەی لەسەربکەم ژنانن،کەبەگەورەترین لایەنی قوربانیەکە دەبینرێن سەرەرای ئەو قوربانیەی بەدەست سیستەمی پیاو سالاریەوە توش هاتوون کەوەك کۆیلە لەچوارچێوەی دیواری ماڵەکانیان بەندکرابوون و وەك ئالەتێك کارو ئارەزووەکانی پیاوانیان پێ جێبەجێ دەکران،لێرە دەتوانین بەقوربانیەکی خوێن مژراو ناوزەدی بکەین کارەساتی ئەنفالیش مۆرکێکی تری قوربانی بووبۆئەو ژنانە ئەویش بەو پێیەی ژنان بەشێك بوون لەناوبراوانی ئەو کارەساتەوەك لەچەند سەرچاوەیەکیشەوە وایاس دەکرێ کەهەندێك لەو ژنانە بازرگانیان پێوە کراوە فرۆشراون بەوولاتانی عەرەبی هەروەها دیارو بەرچاوە لەو پرۆسەیەدا زۆرێك لەژنان باوك وبراومێردیان لەدەستداوە ،لەم کاتەدا ئەرکی بەخێوکردنی ماڵ ومنداڵیان کەوتۆتە سەرشان کەلەیەك کاتدا ئەرکی دایکایەتی وباوکایەتیان گرتۆتە ئەستۆئەمەش لەپەیرەوی پەروەردەی خێزاندا کارێکی نادروستە لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەشدا ئەرکێکی قورسە،سەرباری ئەو وەزعەی کەلادێ نشینەکانی تێکەوتبوون ژنانی شەرمن وداخراوو ئۆردوگای پڕ لەپیاوانی رژێم وبەهێزی نیزامی تەوق کراو دوو کائینی لەیەك جیاوازو دژ بەیەك بوون ژنانی لەگێژاوی دنیایەك کارەساتدا نوقم کردبووئەمانە هەمووی لەلایەك دوای راپەرینیش لەگەڵ ساڵانێکی زۆرلەچاوەروانی هەموو ساڵێك بۆوەبیر هێنانەوەی ئەو کارەساتە ژنان وەك کاراکتەرێك بەکاردەهێنن بێ ئەوەی سنورێك لەنێوان ئەو کارەساتەو باری دەروونیاندا دابنێن کەخۆی لەخۆیدا یادکردنەوەی ئەنفال ئازارێکی مەزنە لەکاتێکدا خەڵکی پێویستی بەپشتگیری ماددی ومەعنەویە لەدوای نۆزدە ساڵ تەمەن .لێرەدا من خوانەخواستەنالێم کارەساتی ئەنفال لەبیربکرێت بەڵکو دەڵێم بەشێوەیەکی مۆدێرن یاد بکرێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا خزمەت بەکەس وکاری ئەنفالکراوەکان بکرێت.لایەنێکی تری قوربانی دانەکەیان ئەوەیە کاتێك حوکومەتی هەرێمی کوردستان موچەیەکی کەمی بۆ وارسی ئەنفالکراوەکان بڕیوەتەوە بەڵام بژێوی ژیانیان دابین ناکات. بۆئەم مەبەستەش دەبێت بەڵگەی مردن بۆ ئەنفالکراوەکان دەربکەن بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بەئەنفال بوونیان بکرێت .لێرەدا ناسنامەی ئەنفال بوونیان لەدەست دەدات تائێستا نەتوانراوە بەپێی یاسا رۆژێکی تایبەت دابنرێت بۆمردنی ئەنفالکراوەکان.هەرچەندە لەساڵی ١٩٩٩ پەرلەمانی کوردستان وەك هەنگاوێك بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتە یاسایەکی تایبەتی دەرکردبەژمارە ٣ لە ٤/٢٨-١٩٩٩ بەناوی یاسای ونبووەکان لەشالاوی کۆمەڵکوژی (قانون المفقودین فی حملات الابادە الجماعیە)بەڵام ئەم یاسایە تەنها لەسنوری ئیدارەی هەولێردا کاری پێکرا بەهۆی ناکۆکی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵات دارەوە.لەبەرامبەردا لەئیدارەی سلێمانی ئەنجومەنی وەزیران بریاری(٤٢٣)ی لە(١١/٢٠-٢٠٠٤)دەرکرد کەتێیدا ٤/١٠ - ٢٠٠٣)بەرۆژی مردنی ئەنفالکراوەکان دیاری کرد.پاشان ئەنجومەنی وەزیران ئەو بریارەی هەموارکرد بەبریاری ژمارە (٥١٢)لە(٢٤/٨-٢٠٠٥)کەتیایدا رۆژی (٦/٩-١٩٨٨)دیاریکرا بەرۆژی مردنیان.

لێرەدا لەبەرامبەر جێگیرنەبوونی یاسایەك یاخود بریارێکی تایبەت لەو بارەیەوە کەس وکاری ئەنفالکراوەکان توشی گرفتی گەورە بوون بەتایبەتی ژنان کەهەندێکیان پێش دەرچوونی ئەو یاساو بریارانە گرێبەستی هاوسەرێتیان ئەنجام داوە .بەمەش گرفتێکی شەرعی ویاسایی گەورەیان بۆدروست بووە لەکاتێکدا بڕیارێك یاخود یاسایەکی لەو شێوە پێویستە بەبڕیارێکی دادگا بێت.لێرەدا جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە ئەو ژنانە نەك هەر قوربانی دەستی رژێمێکی بێگانەو پرۆسەی ئەنفالن بەڵکو قوربانی دەستی کۆمەڵگەو حوکومەتی هەرێمی کوردستانیشن کەلێرەدا قوربانیەکە تاسەر ئێسقان قوربانیە.



# گەرمیانیەکان لەدروستکردنی مۆنۆمێنتی ئەنفال لەهەولێر نارازین

ئا : دڵشاد ئەنوەر

وابرِیارە لەکاتی هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوەکاندا بۆکوردستان ، نەبرێنەوە گەرمیان ولە هەولێر مۆنۆمێنتێکیان بۆدروست بکرێ تابێتە سیمبولێك بۆکارەساتەکەو وەفدە بیانیەکانیش کەدێنە کوردستان ببرێنە سەردانی.

بەڵام پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال، کەزۆربەیان نیشتەجێی ئۆردوگا زۆرە ملێکانی گەرمیانن، نیگەرانن لەبردنی ڕوفاتی ئازیزانیان بۆ هەولێر، باس لەوە دەکەن کەبەهیچ جۆرێك بەمە ڕازی نابن ،چونکەهەولێر بۆ ئەوان شوێنێکی دوورە وناتوانن هەموو ساڵێك لە٤/١٤ ساڵیادی ئەو کارەساتەدابچنە هەولێر.

مەجید موحەمەد کەگەنجێکی پاشماوەی ئەنفالە ،نیگەرانی خۆی لەدەنگۆی بردنی ڕووفاتی ئەنفالکراوەکان بۆ هەولێر دەربری و وتی"پاشماوەی ئەنفالەکان ڕازی نابن بەبردنی ڕووفاتی ئەنفالکراوەکان بۆهەولێر،چونکە ئێمە لەگەرمیان ئەنفالکراوین وپێویستە ڕووفاتەکانیش بهێنرێنەوە گەرمیان ولێرە مۆنۆمێنتیان بۆدروست بکرێ"مەجید وتیشی"ئەگەرپاساویان بۆبردنی ڕووفاتەکان بۆهەولێرئەوە بێت وەفدی بیانی ببرێتە سەردانی،با ئەو وەفدانە بهێنرێنە گەرمیان بۆئەوەی خۆیان لەنزیکەوە بارودۆخی پاشماوەی ئەنفال بەچاوی خۆیان ببینن، نەك ئەنفال بەمۆنۆمێنت بناسن"

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە ،چەندین گۆری بەکۆمەڵ لەناوچە جیاجیاکانی عێراق دۆزراونەتەوە ،کەلەماوەی سی ساڵی حوکمڕانیکردنی بەعسدا ،لەلایەن ئەو رژێمەوە زیندە بەچاڵ کراون ،لەچەند مانگی ڕابردوودا لەنزیك سەماوە گۆرێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، کەئێسك وپروسکی سێ سەد کوردی تێدا بوو،لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا هەموو یان زیندە بەچاڵ کراون.

هێنانەوەی ڕووفاتی ئەو سێ سەد ئەنفالکراوە، کەوابریارە دوای پیشاندانیان لەدوا دانیشتنی دادگایکردنی سەرانی بەعسدا ،بهێنرێنەوەبۆ کوردستان کێشەی لەنێوان حوکومەتی هەرێم وپاشماوەی ئەنفالەکاندا دروست کردووە ،کەحوکومەت بەنیازە ڕووفاتەکان بباتە هەولێرو مۆنۆمێنتێکیان بۆدروست بکات ،پاشماوەی ئەنفالەکانیش داوا دەکەن بهێنرێتەوە بۆگەرمیان.

بەهیەئەمین، کەمێردەکەی ودووکچ وکورێکی ئەنفالکراوە ،لەبارەی بردنی رووفاتی ئەنفالکراوەکان بۆهەولێروتی" بردنی ڕووفاتی ئەنفال بۆ هەولێر ،زوڵمێکی ترەو لەپاشماوەی ئەنفال دەکرێت ،کەی ڕەوایە ئەو ڕووفاتانەببرێنە هەولێر لەکاتێکدا ئێمەی کەس وکاریان نیشتەجێی گەرمیانین"ئەو ئافرەتە درێژەی بەقسەکانی دا"ئەگەر ڕووفاتەکان بهێنرێنەوە گەرمیان ئەوا ئێمە لەتوانامانداییە هەموو رۆژێك بچینە سەردانیان، بەڵام ئەگەر ببرێتەهەولێر ئیمکانیەتمان نیە ساڵی جارێکیش بچین"

سەبارەت بەبردنی ڕووفاتی ئەنفالکراوەکان بۆهەولێردروست کردنی مۆنۆمێنت بۆیان لەکاتی هێنانەوەیاندا بۆ کوردستان،گولاڵەعەزیز، نوێنەری گەرمیان لەپەرلەمانی کوردستان وتی"ئاگاداری دروست کردنی مۆنۆمێنت نیم،بەڵام لیژنەیەك پێکهێنراوە بۆهێنانەوەی ڕووفاتی ئەو سێ سەد ئەنفالکراوە ،وابریاریشە لەدوادانیشتنی دادگاییکردنی سەرانی بەعسدا لەسەر دۆسیێ ئەنفال ،ئەو ڕووفاتانە وەکودیکۆمێنتێك لەبەردم دادگا پیشان بدرێن دواتر بهێنرێنەوە بۆکوردستان".لەبارەی ئەوەی کەئەگەرڕووفاتی ئەنفالکراوەکان برانە هەولێر ئەو وەکو نوێنەری کەس وکاری ئەنفال لەپەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی چی دەبێت؟گولاڵە عەزیزوتی"تا کاتی هێنانەوەی ڕووفاتەکان بڕیارنادرێت کەدەبرێنە کوێ،بەڵام لەکاتی هێنانەوەیاندا بەدڵنیاییەوە پەرلەمان بۆچوونی رێکخراوەکانی تایبەت بەئەنفال وپاشماوەی قوربانیانی ئەنفالیش وەردەگرێت"

کەنار لەچەند سەرچاوەیەکی تایبەتەوە زانیویەتی لە سەر بردنی ڕووفاتی ئەنفالکراوەکان بۆ هەولێر مشت ومڕ کەوتۆتە نێوان نوێنەرانی گەرمیان لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوەکاندا.

هەربەپێی ئەو سەرچاوانە لەکۆبوونەوەیەکی لیژنەی ئەنفالی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوەکاندا ،چنار سەعد عەبدولاً پشنیاری کردووە کەلەکاتی هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالەکاندا بۆ کوردستان نەبرێنەوە بۆگەرمیان ولەهەولێر مۆنۆمێنتێکیان بۆ دروست بکرێ تاببێتە سیمبولێك بۆ گەورەیی کارەساتەکەو وەفدە بیانیەکانیش کەدێنە کوردستان ببرێنە سەردانی،بەڵام ئەم پێشنیارە لەلایەن نوێنەرانی گەرمیان لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەتوندی رەتکراوەتەوەو بە وەزیریان راگەیاندووە :ئەی بۆ ڕووفاتی بارزانیەکان براونەتەوە بارزان و لەهەولێر مۆتۆمێنتیان بۆ دروست نەکراوە؟بەڵام چنار سەعد پاساوی بۆ ئەمە بەوە هێناوەتەوە"سەرۆك بارزانی لەکاتی بردنی ڕووفاتی ئەنفالکراوەکاندا بۆبارزان ئەوەی پێ خۆش نەبووەوحەزی کردووە لەهەولێر دابنرێ"، لەکۆبوونەوەکەدا رێك نەکەوتوون لەسەر دانانی شوێنی ڕووفاتی ئەنفالکراوەکان لەکاتی هێنانەوەیانداوکۆبوونەوەکە بەبێ ئەنجام کۆتایی پێهێنراوە .

سەرچاوەیەکی تایبەت لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کەنەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت هەموو ئەو زانیاریانەی پشت ڕاستکردەوەو بەکەناری وت"کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال بەهیچ جۆرێك ڕازی نابن بەبردنی ڕووفاتی ئازیزانیان بۆهەولێر،چونکە زۆربەی پاشماوەی ئەنفال ئیمکانیەتیان نیە ساڵی جارێکیش بچنە سەر مەزاری ئازیزانیان "ئەو سەرچاوە ئاماژەی بەوەشکرد کە وەزیری ئەنفالکراوەکان پێشنیاری کردووە کە بەهۆی دوورە دەستی گەرمیانەوە ڕووفاتەکان ببرێنە هەولێرو مۆنۆمێنتێکیان بۆدروست بکرێ بۆئەوەی لەکاتی هاتنیاندابۆکوردستان وەفدە بیانیەکان ببرێنە سەردانیان ،بەڵام ئەم پێشنیارە لەلایەن لیژنەنی ئەنفالی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە بەتوندی رەتکراوەتەوە"ئەوسەرچاوە لەدرێژەی قسەکانیداوتی"پێویستە ڕووفاتی ئەنفالکراوەکان لەکاتی هێنانەوەیاندا ببرێنەوە گەرمیان ،چونکە گەرمیان تایبەتمەندی خۆی هەیەوزۆربەی پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال لەگەرمیان نیشتەجێن،هیچ هۆکارێکی بەهێزیش نیە بۆبردنی ڕووفاتی ئەنفالکراوەکان بۆهەولێر".

